ڕۆژووگران لە لای ئێوە ڕۆژوو بشکێنن؛ وچاکەکاران لە خواردنتان بخۆن، وفریشتەکان سەڵاوات بدەن لەسەرتان

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ لای سەعدی کوڕی عوبادە -ڕەزای خوای لێبێت- ئەویش نان وڕۆنی -زەیتی- هێنا، و(پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) خواردی وپاشان فەرمووی: «ڕۆژووگران لە لای ئێوە ڕۆژوو بشکێنن؛ وچاکەکاران لە خواردنتان بخۆن، وفریشتەکان سەڵاوات بدەن* لەسەرتان». *(سەڵاواتدانی فریشتە لەسەر مرۆڤ: واتای داوا دەکەن خوای گەورە لێی خۆش بێت وڕەحمی پێبکات)

[ئیسنادهکهی صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ لای سەعدی کوڕی عوبادە -ڕەزای خوای لێبێت-): سەعد گەورەی هۆزی) خەزرەج بوو لە مەدینە. (ئەویش نان وڕۆنی -زەیتی- هێنا): ئەوەی ئاسان بوو هێنای وئەمیش پێچەوانەی ڕێزگرتن لە میوان نییە. (وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خواردی وپاشان فەرمووی): پاش ئەوەی خواردنەکەی تەواو کرد، فەرمووی: (ڕۆژووگران لە لای ئێوە ڕۆژوو بشکێنن): واتا خوای گەورە وەکو پاداشتی ئەو کەسەتان بۆ بنووسێت کە خۆراکی ڕۆژووشکاندن دەبەخشێت بە کەسی ڕۆژووگر، وئەم ڕستانە بە مانای نزا کردن دێت. (وچاکەکاران لە خواردنتان بخۆن): واتا کەسانی چاک وتەقوادار لە خواردنتان بخۆن. (وفریشتەکان سەڵاوات بدەن* لەسەرتان): واتا داوای لێخۆشبوون وڕەحمەتتان بۆ بکەن. *(سەڵاواتدانی فریشتە لەسەر مرۆڤ: واتای داوا دەکەن خوای گەورە لێی خۆش بێت وڕەحمی پێبکات)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10110

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee